# له تەک.. فۆلکلۆر پەروەران

هۆشیار نوری لەک

دونیای رەسەنایەتی پیرۆزو شایستەیە، بۆیە ئەو کەسانەی لەم بوارە خزمەتیان کردووەو دەکەن، لای جەماوەر شیرین دەبن و زوودەناسرێن. بۆ ئەوەی بزانین (هەگبەی ناخی) ئەم (فۆلکلۆر پەروەران)ە چی تێدایە و رابردووییان چۆن بووەو چۆن بەمرۆگەیشتوون، هەرجارێ (لەتەک فۆلکلۆر پەروەر)ێک دەبین و زیاتر ئاشنای نەوەکانمانی دەکەین بۆ ئەمجارە لەتەک فۆلکلۆر پەروەر مامۆستای بەرێز (داود شرۆڵ)دەبین.

ئەم بەرێزە ناوی تەواوی (داود محەمەد شرۆڵ)ە لەساڵی (١٩٤٦) لەگوندی (شورە پەلکە)ی سەربەقەزای (مەخموور) لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری هەولێر تەواوکردووە، کاتی پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردووە، لەساڵی (١٩٧٠) بۆتە مامۆستا، لە ساڵی (١٩٩٣) بۆتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، ئێستاش خانەنیشنەو بەکاری کشتوکاڵی و زەوی و زاری خەریکە، کاکە داود (دووژنی) هێناوەو چواردە منداڵی هەیە (نۆکورو پێنج کچ) خوا تەمەنیان درێژ بکات، نازناوی (شرۆل)یشی لەساڵی (١٩٦١) لە ئەندامێتی حزبی دراوەتە پاڵ ناوی و شانازیشی پێوە دەکات، بەمجۆرە لەتەک (داود شرۆڵ)ی فۆلکلۆر پەروەر کەوتینە گفتوگۆ:

*** حەزو ئارەزووت بۆ فۆلکلۆر بۆکەی دەگەرێتەوەو بەچی دەستت پێکرد؟**

– ئەم ئارەزووەم هەر لە منداڵییەوە (وەکو خۆرسک) هەبووە، یەکەم کاریشم کۆرێک بوو کە لە هۆڵی (رۆشنبیری- جەماوەری) لەساڵی (١٩٨٣) بەنێوی (خۆشەویستی و ژوان) سازکرد.

*** کاتی خۆی کتێبێکت چاپکرد، ئەی ئێستا چیت لەبەردەستدایە..؟**

– بەڵێ تەنها یەک کتێبم جاپکردووە بەنێوی (گوڵێک لە رەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری) ئەمانەشم ئامادەیە (خۆشەویستی و ژوان لە کوردەواری، بنەگەو رەشماڵ نشینی کوردەواری، پەروەردەی گوێ ئاگردانی کوردەواری، جگە لە چەند کورتە چیرۆکێکیش).

*** ماوەیەک گەرم و گوڕبووی، کەچی ئێستا دووری لە خزمەتکردنی کە لەپوور، بۆ؟**

– من (شرۆڵ)م، بەڵام گورج و گۆڵم هەتا دەمرم، گەرکاتم بۆ برەخسێ، خزمەتی کەلتوورو دابونەریتی کوردەواری رەسەن دەکەم.

*** لەدوای راپەرین بەشداری (هەگبەی کوردەواری)یت دەکرد، کەچی وازت هێنا، بۆ؟**

– بەڵێ (بەرنامەی هەگبەی کوردەواری) باشترین خزمەت و هەوڵدان و پرۆگرامە بۆ خاڵە گرینگەکانی فۆلکلۆری کوردەواری، بەڵام دەبێ بایەخی پێبدرێ، رەزیلی لێنەکرێ، ئەم بەرنامەیە (من و کاک چەتۆ حەسەن، کاک ئەنوەر شێخانی) بەرێوەمان دەبرد، من ماوەی (٧) مانگ لەگەڵیان بووم، بەبێ هیچ پارەو پاداشتێک (ئەوەش لەسەر داوای خۆم بوو)، بەڵام لەبەرکاری سەرپەرشتکاریم کە گوازرامەوە بۆ ناوچەی (بارزان و بالەکایەتی)لەم بەرنامەیە دابڕام.

*** ئەی گەر دووبارە. داوات لێکرا، لەبەرنامەیەکی وا بەشداری بکەیەوە، دەیکەیت..؟**

– نەخێر.. چونکە ئێستا خەریکی کاری (کشتوکاڵ و رەزگەریی)م لەنزیک ناحیەی قوشتەپە، هەر هەندە پێرادەگەم.

*** راگەیاندنەکان بەگشتی تاچەند خزمەتی رەسەنایەتیان کردووە..؟**

– بەداخەوە راگەیاندنەکان خزمەتکردنیان بەدونیای رەسەنایەتی و کەلتوور لەو ئاستەدا نییە، گەر هەشبێ پڕ لەکەم و خواروخێچیە.

*** بەرێزتان لەکام لق و پۆپی (فۆلکلۆر)ی کوردی زیاتر شارەزان...؟**

– لە هەموو لقوپۆپەکان بای خۆم شارەزاییم هەیە، بەڵام لەبارەی کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی لێواولێوە.

*** چ جیاوازیەک لە نێوان کەلتووری کوردی و نەتەوەکانی دیکە دەبینی..؟**

– هەر میللەتێک گەر شارستانیەت و داهاتووی خۆی لەسەر بنچینەی رابردوو و کەلتووری خۆی بنیات نەنێ، هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، چونکە پێشکەوتنی میللەتانی دونیا بە (کەلتوورەکەی)یەوە بەندەو دەناسرێ، کراوەتە مێژووی ئەو میللەتە، کوردیش ئەگەر زیاتری لەمیللەتانی دیکە نەبێ کەمتری نییە.

*** کاتی خۆی (کەلوپەل و شتێکی) زۆری (کەلەپووری و فولکلۆر)یت هەبوو.. چیان لێهات؟**

– بەڵێ راست دەکەی.. هەندێک لەو کەلوپەلانە ماون، بەڵام بەداخەوە هەندێکیشیان ئەم و ئەو دەیبرد نەی دەیناوە، هەتا شڕیان کرد.

*** خۆت بەقەرزاری کێ دەزانی؟**

– خۆم بەقەرزاری میللەتەکەم دەزانم، کە نەمتوانیوە، بەتەواوی خزمەتی کەلتوورەکەی بکەم.

*** کێن ئەوانەی لەنزیکەوە دەیانناسی و خزمەتیان بەرەسەنایەتی کردووە، لە زیندوەکان؟**

– ئەوانەی خزمەتیان کردووە زۆرن وەکو (سەیدمەولود بێخاڵی، ئەسعەد عەدۆ، ئەحمەد حەیران، پیرداود مەخمووری، تاریق جامباز، مومتاز حەیدەری، عومەر پەتی، سەعدوڵڵا شێخانی، ئەنوەر شێخانی، چەتۆ حەسەن، ئەنوەر عەزیز، سابیر عەبدولڕەحمان، بورهان خۆشناو، سەدردین خۆشناو، غەفور مەخموری، بەهرام محەمەد، هۆشیار نوری لەک، دێدەوان یەعقووبی، شاخەوان عەلی، جەمال گردە سۆری، عوسمان رەحمان قەساب، م. جەلال برای خالید جوتیاری رەحمەتی، زۆری دیکەش لەشاری هەولێر ئەوانەم لەبیرە.



داود شرۆڵ

*** چ پێناسەیەکت بۆ جلوبەرگی کوردی هەیە، تاچەند دەیپۆشی؟**

– جلوبەرگی کوردی.. پێم جوانترین پۆشاکەو نیشانەی بەرزی هەستی نەتەوایەتییە، بەرز راگرتنی دابونەریتی کوردەوارییە، هەردەم و بەبەردەوام دەیپۆشم و شانازیشی پێوە دەکەم.

*** چێشتە کوردەوارییەکان.. حەز بەکامیان دەکەی..؟**

– شلە ساوار بەسینگ و کرکرەی پشتی (ئاژەڵ) گەمەی پێناکرێ، دەبێ ئەوەش بڵێم (شلە ساوار بەمریشکی خۆمانە) زۆر خۆشە..

*** ئەی لەدەنگە رەسەنەکان گوێ بۆ کامیان شل دەکەی؟**

– گوێ لە دەنگە رەسەنەکان دەگرم بەتایبەتی (خاڵە تاهیر تۆفیق و رەسول بێزار گەردی) هەرکاتێ گوێم لە حەیران و گۆرانی رەسەن دەبێ دەمارەکان خوێنیان تێدەزێ.

*** پەروەردەو فۆلکلۆر چۆن گرێیان دەدەی، کە کارت لە هەردووکیان کردووە؟**

– بەڵێ پەروەردەکاری خۆمە، مردی فۆلکلۆریشم، دەست بەرداری هیچیان نابم.

*** کامە پەندی پێشینانت زیاتر لەسەر زارە..؟**

– ئەو دوو پەندە کوردیە (برا لەپشت برابێ، مەگەر قەزا لەلای خودا بێ) و (کوڕی خۆت بەقوربانی کیژی خەڵکی مەکە)

*** پێشنیازت چییە بۆ زیندوو راگرتنی رەسنایەتی نەتەوەکەمان؟**

– پێویستە دەزگایەکی رۆشنبیری کەلتوری کوردەواری دابمەزرێ، بەمەرجێک کەسانی لێزان و شارەزا بەرێوەی ببات، بەرهەمی ئەو بەرێزانەش کۆبکاتەوەو بەچاپیان بگەیێنێ کە خۆیان بەکەلتووری میللەتەکەیان ماندووکردووە.

*** دوا قسەت چییە؟**

– سووپاستان دەکەم، هەر بەردەوام و سەرکەوتووبن بۆ خزمەتکردنی رەسەنایەتی کوردەواری میللەتەکەمان، دەستی تۆش دەگوشم بۆ بەسەرکردنەوەی (فۆلکلۆر پەروەران)، هیوادارم هەر لەتەکیا دابی و دانەبرێی.

# شوێنەواری (کەڕکی حوسێنی غازی)



ئا:وێنە: ئازاد مەخموری

هەموو شارو شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانە پڕە لە شـــوێنەوارو کـــەڕک و کـــانیـــاو، شارۆچکەی مەخموریش بێبەش نەبووە لەم شـــوێنەوارە، بۆیە ئەمـــجـــارە یەکـــێک لە شوێنەوارەکانی قەراجی کاکی بە کاکی بەسەر دەکـــەینەوە، ئەویش (کـــەڕکی حـــوســـێنی غـــازی)یە، کـــە یەکـــێکە لە شـــوێنەوارە دیارەکانی ئەم دەڤەرەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوار سەد ساڵ بەر لە ئێستا... کەڕکی حـوسـێنی غـازی دەکـەوێتـە بناری چیـای قـەرەچوغ لە ئاقاری شارۆچکەی مـەخـموور، زۆر لەباوک باپیرانمان دەگـێڕنەوە دەڵێن ئەمە گۆڕی پیـاو چاکێکە، بۆیە خەڵکی دەڤـەرەکە سـەردانـی ئەم شـوێنەوارە دەکـەن بەمـەبەسـتی رازو نیـازی دڵیـان و هەندێک جار نەخۆشیان دەبردە سـەری بەمـەبەستی چارەسـەر. کـەڕکی حــوســێنی غـــازی هەر چوار دەورەی بۆتە گۆڕستانێکی گەورە، بەڵام گۆڕەکان زۆر کۆنن کەس نازانێت ئەمانە گۆڕی کێنە، زۆر جاریش خاوەن گـۆڕەکـان گـۆڕی مـردووەکـانی خـۆیان نەناسنەوە، ئەم شـوێنە زۆرشـتی کـۆنی لێـیـە وەکـو کـەرپـوچ و تاسـولقـەو بەردی نەخش و نیـگاری کـۆن، دەوروبەری ئەم گـۆڕسـتـانە شـوێنێکی خـۆش و دڵگیـرە، بۆیە لەوەرزی بەهاردا خـەڵکان وەکـو سـەیرانگایەک سـەردانیـان دەکـرد، هەروەها لەبەرکـەمی خزمەتگوزارییەوە شوێنەکە وەک خۆی نەماوە، بۆیە دەوروبەری کـەڕکی حـوسـێنی غـازی بۆتە کـارگـەی گـەچ دروسـتـکردن، داوا لەبەڕێوەبەرایەتی شـوێنەوار دەکـەین، ئاوڕێ لەم شـوێنە بداتەوە، چونکە شـوێنێکی زۆر گـرنگە، هەروەک حـەیرانبـێـژەکـان ناویان هێناوە، بۆنموونە عـوسـمـان حـەیران دەڵێ:

**(حەیران ئەوڕۆکە بەوێ سبەینێ گاز دەکەم بەکێندەرێ داهەر بڵێم.. ئەوە گەوارەکی دامەزراند لە کەڕکی حوسێنی غازی تەڕ دەکاتەوە بەردو بناری مەخموورە گچکەلەی خۆمان، گومەتی برایم ئاغای ئازی کەندی بندیانان ئەمان دەرێم بێژینگ بەسەری شێروانیان، قەراتە سۆری مەرزانان زووری شێخ سمایلی، بانی گردەسۆری سەلەی خەلیل و ئاوڕەحمانی ئەمان مرازی هەموو مرازخوازان حاسربوو ئی منی ماڵ وێران ماوەتەوە لەسەر بەهاری.**

# کەرە مەمرە بەهارە... کورتانت بۆ هات لەشارە



ئەژین عەبدوڵڵا عەلی

کەر ئاژەڵێکی ورە بەرز و بەهێز و ئارامگر و گوێڕایەڵە، تەنها جارجارە ئەگەر ئەو کارەی پێی دەسپێردرێ نەکەوێتە ئەوەندە عەقلەی هەیەتی ئەوا دەغەزرێ و نایکات، هەرچەندە خـاوەنەکـەی بیـداتە بەرداران و نەقـیـزەی تێ بوەژێنی هەر نایەتە بەربار و لوشکان دەهاوێ، لەوانەیە هەندێجار خاوەنی کەرەکە بەر یەکێ لە لوشکەکانی بکەوێ و سەقەتی بکات، زۆرجاری وا هەیە دووکەس بەرامبەر یەکدی دەستباریان گرتووە و بارێکی قورس دەخەنە سەر پشتی کەرێک، کەرەکە توانای هەڵگرتنی ئەو بارەی نییە دەهری دەبێ و لوشکەی لە زگ و بەر زگی یەکێکیان داوە و پەلەواژی کردۆتەوە.

کەر بەستەزمانێکی بێ زمانی ئەوتۆیە هەرچەندە سوودی بۆ خەڵک زۆرە، بەڵام کەم کەس هەیە دڵی پێ بسووتێ و بەزەیی پێدابێتەوە، بەڵام کەریش بای خۆی و بەقەد ئەوەندە عەقلەی هەیەتی دەتوانی بەرگری لەخۆی بکات، زۆرجاری وا هەیە کابرایەک یان منداڵێک سواری کەرێک بووە و زیاد لەپێویست زەختەی تێوەژاندووە و بەداران سەر و گێلاکی شکاندووە، بۆیە ئەویش نەیکردۆتە نامەردی دوو سێ جاران خۆی بەتوندی بەرز و نزم کردۆتەوە و خۆی بەولاوبەملادا داوە و ئەوەی سەرپشتی خۆی سەرانگرێ کردووە و زیانی پێگەیاندووە...باشترین دیاری بۆ کەر ئەو جل و کورتانەیە کە لەسەر پشتی دادەنرێن، هەرچەندە کورتانەکەی نەرم و پڕپێت کەر زیاتر کەیفی پێدێت چونکە ئەو بارەی سەر پشتی ئازاری نادات، ئەگەرچی کەر حەزناکات بار بخرێتە سەرپشتی و حەزدەکات هەموو دەم بەرەڵڵا بێت و کەس پێی نەڵێ (حەچە)... باشترین وەرزی ساڵیش بۆ کەر بەهارە چونکە بەهاران گیاوگوڵ زۆر دەبێ و زەوی سەوز هەڵدەگەڕێ و کەریش ئەو گیا سەوزانە دەداتە بەر قەمپاران و خۆی تێر دەکات، نیشانەی تێربوونی کەریش زەڕینە...

# کۆیە و حەیران و بەستەیەکی مەلا ئەحمەدی کۆر




**دلێر عەونی**

کـــۆیە لە کـــاروانی هونەری کـــوردیدا قـوتابخـانەیەکی تایبـەتەو پرشنگی داوەتەوە هەمووکوردستان، شۆرە سوارانی ئەو بوارە شان بەشانی بوارەکانی دیکە ئەسپی خۆیان تاوداوە بەبێ مـانـدوبوون و پچـــرانەوە و بەبێ ئەوەی لەجیـاتی ئەو خزمـەت و مـاندوبوونە چاوەڕێی هیچ پاداشتێک بووبن، لەناو رەزو باخچەکانی کـۆیە ئاهەنگی تایبـەتیـان سـاز داوە بەدەم خواردنەوەو سەرگەرم کردن گۆرانی و مەقـام و بەستـەیان چڕیوە، بۆیە ئەوشارە بەشاری ئەدەب و هونەرو زانست و کــوردایەتی ناســراوە. لەگۆرانی و مەقام و حەیراندا میراتێکی زۆری بۆمـاوەتەوەو گـەنجینەیەکی باشی هەیەو رەگی قـوڵ داکـوتراوە و بەدەیان بەهرەمـەندو گـۆرانی بێـژی بە توانـاو مـەقـام زانی لێ هەڵکەوتووە وەکو پووتە و حەنیلە خڕەو مەلا ئەسعەدو سێوەو ئەحمەدی حەمە مەلاو تایەر تۆفیق و حەمەدەمین عەباس و چەندانی دیکە. زۆرن ئەو هونەرمەندو دەنگ خـۆشانەی کـەئەو سەروەریەیان بۆ کـۆیە بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی تۆمارکردووە. وڵاتی کـۆیە هەر لە کـۆنەوە چونکە شـوێنەکـەی ســتـراتیـژی بووە بۆیە کـاروان سـەرای نێـوان کـاروانچـییـەکـانی بەغـدا و مـوسڵ و حـەلەب لەگـەڵ رۆژهەڵاتی کـوردسـتـان بووە، خـەڵکی زۆری پێـدا تێـپەڕیوەو خـەڵکی لێ مـاوەتەوەو شـتی باشـیان وەرگـرتووەو شـتی باشـیـان داوە، بۆیە توانیویانە شان لە شانی گەورە مەقام زان و گـۆرانی بێـژانی ئەو سـای ئەوناوچانە بدەن، دەگـێـڕنەوە دەڵێن دەنگی خـۆشی باشـیـان تێـدا هەڵکەوتووە وەکـو (قـادری ئۆمـەری قـالە) لەبەهاران لەکـاتی گـوڵ چنین گـۆرانی وتووەو لەدەنگ خــۆشی بولبــول لەســەر ســەری نیشتـۆتەوە. دەنگ خۆش و گۆرانی و مەقام و حــەیران بێــژان هەمـــوو چین و توێژەکـــانی کـۆمـەڵگاکـەی گـرتۆتەوە، هەر لەدەوڵەمـەند هەتاکو هەژار، مەلا، فەقێ، قوتابی، مامۆستا، ئافـرەت...هتـد ئەوەی لێـرە دا مـەبەسـتـمـانە کەدەیخـەینە بەر دیدی خوێنەران، دەقی حەیران و بەسـتـەیەکـە ئەوە دەزانرێ کـە حـەیرانەکـە فۆلکلۆرە، بەڵام بەستەکە تایبـەتە بە رەزەکانی کـۆیە، ئاوازەکـەشی لەسـەر شـێـوەی گـۆرانی (دوگمەت داخە)ی حەسەن زیرەک گوتراوە بەڵام نازانرێ دەقـەکـە هی کـێـیـە بەڵام بەبڕوای من هەرهی مـەلا ئەحـمـەدی کـۆرە ئەو زاتە لەگـەڵ ئەوەی نابینابوو بەڵام خاوەن دەنگێکی خۆش و مـەولودزانێکی کـارامـە بوو، شـەوان لەکـاتی مـەولود خـوێندنەوە بۆ ئەوەی کـەس بێ تاقـەت نەبی هەندێ گـۆرانی و مـەقـام و حـەیرانیـشی دەچری، ئەو گـۆرانی و مـەقـام و حـەیرانەی تایبـەت بەکـۆیە بوون بەڵام بەداخـەوە چەند کاسێتێکی ماوە لەمەولود خوێندنەوە و مەقام و بەسـتـە و حـەیرانە، کـە زۆرباش نیـیـە چونکـە ئەوسـاکـە ئەو تەکنۆلۆژییـە پێـشکـەوتووەی ئەو بوارە نەبوو لەگـــەڵ ئەوەش زۆر شــــارەزایانە وەســتـــایانەی خـۆی تێـدا بەکـاردەهێناو جێ پەنجەی دیارە.

## حەیران

**ئەرێ کـاکـە ئەورۆ ئێـوارێ ئەگـەر من مـردم قـــەبرم لا رێ بێ راســـــتی هـەردوو چاوم کولانکەکی لێ بێ.. وەکو بەژنێ باریک دەڕوا لە بۆ رێی سـەیرانێ بەلکم چاوەکم لێی بێ.. ئەوجا وەکی دێتەوە لەگەر کۆمەڵەکی شل و مل و ناسک بەدەنان.. ها دەرێ ئەنگۆ نازانن ئەوە کوڕە تیمە حـەیرانەکەی منە ئەنگۆ بڵێن هەزار رەحمان.. ئای ئای ئای ئاواتی لێ بێ.**

**ئەرێ کاکە گوندێ مەچەند غەمە لەگەر تۆز و غـوبارێ.. ئەوجـا حـەیران مـامـز بوو هەمـوو فـەترەی بوهاران لەدەشـتی پیـرە قـەراجێ دەلەوەڕا، لەناو کوریکە نیسانێ و حاجیلان، ئەوجـا ئەمن جـۆتە تاژیەکی گێ بەریشـۆڵەی چارپەل بەخـەنەم بەر دەدایە، تاکـیـان دەداوە، لەبن قەراتێ مێرە مردیانێ کانیە بازنان، گۆمی قورینگان خەندەکی خەلیفەی.. سەر بیستان و هەرەجەی بانی خەلیلەی ئاورەحمانێ.. ئەوجا ئێـــوارێ درەنگە ئاوایان دەکـــرد لە دێدەوانێ جـاران لەبۆ کـەیفێ درێ من بەبێ ئێـــوارێ لە عەردیان دەداوە چیبکەم مار لە دۆ ئای ئای ئای ئەوجا ئەمن دەڵێم گەلی براینە**

**هەرچی دەبیتە باعزی دوو دلانێ**
**یارەبی سال لە محەلی هاوینی بی**
**لە مـانگی رەمـەزانێ بێ هیـچ کـەس لەمـارێ نەبی**
**لەمابەینی نوێژی مەغریب و عەسرێ**
**ئاگرەکی بەربیتە ماری هەندەی لەبۆ دەرنەچی**
**ئێوارێ پێی بکا فتارێ**
**ئائائا ئای**

**ئەرێ کـاکـە ئەمن مـەگرن لەگـەر ناعـەسر و نافـەسرێ ئەوی زەمـانێ، کـاکـە مـەگرن ژوانێ لەگەر نا عـەسر و نا فـەسرێ ئەو زەمانەی مەگرن قەولە لەگەر ژوانێ.. ئەوجا ئەمن ئەورۆ ئێوارێ لەبەر خاتری بەژنەکی باریک دەچمەوە شارەکەی پیرە تارانێ.. ئەمن شەدەگی لەبۆ بەژنێ باریک هەردەگرم هێسترەکی دەدەم لە گولینگ لێنانێ.. هێسـتـرەکی دەدەم لە زین پێـچانێ.. لە تالحی منی خانەخراپ وی سەرشینی بابان وێرانێ زیزە قـەت لەسـەری نانوێ.. ئەوجـا بریا من داخ لە سینی مـارتان بام، کـاکـە لە هۆڕنی بارەکـیـان لەچار تەلی هەرکیان لەسی رێزی خەیلانیان لە سێن گوری بۆریان لەدەربەنی رەمکان لە کۆسپە کۆسپی زینوێ ئەستـێروکـان، ئەرێ لەسـەروان خانم خاتونان دەڕۆن لەبەرایی کۆچ و کۆچباری رادەکـێـشێ سـەر دوو بڕی چیـبکەم مـار چەند جوانە لە بۆ دەشتێ**

**ئای ئای ئای مەولەجانێ**

**دەوجا حـەیران حـەیرانە حـەیران مـەیاسـە، لە نێـرکی کـەمــبـەرە لە پشـتی هەیاسـە، لەملی کرمۆکە لەسەری تاسە، بۆت نەمێنم رات موسم زاڵمەکەی زاڵم بابەس بۆت هەرێنم وردە**

**ئای ئای ئای هەناسە.**

(ئەوبەستەیە لەسەر ئاوازی دوگمەت داخە)

دەچمە باخچەی تۆ بزا وایە
دەینم دەسکی گولە مینایە
سەد مەرحەمە بۆ لەیلایە
دەچمە باغی کێلە خوارێ
دەینم دەسکە گولە هەنارێ
سەد مەرحەمە لە بۆ یاری
دەچمە باغی حەمامۆکی
دەینم دەسکە ترنجۆکی
سەد مەرحەمە بۆ عەیشوکێ
دەچمە باخچەی لای گەرمۆکی
دەینم گول دەسکە گولوکێ
یەکیان بۆ خۆم یەک بۆ بوکێ
دەچمە باخچەی ئۆمەر خوچان
دەینم دەسکی گول و خونچان
سەد مەرحەمە لەبۆ کچان

# سەبیل-سبیل



**هۆشیار عەبدوڵلا**

سەبیل یان سبیل لەشێوەی دەشتی هەولێر (سپیل) ی پێدەڵێن، لە (ناوچەی گەرمیان) یش (سبیل) ی پێدەڵێن، ئەمەش جۆرە ئامێرێکی دیکەی تایبەت بە جگەرەکێشان بووە، لەشێوەی قەننەدا بوو، لەقوڕی برژاو یان لەداری (کەوەت) دروستدەکرا، کلکی سەبیلی کورت بوو، وەکی کلکی قەننەی درێژ نەبوو، دەنەخشێنرا، جۆرەها نەخشی لەسەر دەکرا، توتنیان لەسەرەکەی دەکرد، ئەو زەمانی کەشقاتە و چەرخ نەبوو بە (بەرد و ئەستێ) ئاگریان تێبەردەدا، کابرای سەبیل کێش قوم و مژیلێدەدا و دووکەڵ بەری ئاسمانی دەگرت، هەر دەتگوت کورەی عەزە و قونیانە!. بەزۆری سەبیل لەشاری کەرکوک دروستدەکرا، چونکە خاکەکەی گەلەک لەبارە بۆ دروستکردنی ئەو کەلوپەلانە لە سەبیل و تەندوور و گۆزە و دیزە و کوپە و جەلحە و شەربە و جەڕە و کەندوو، هەروەها خاکەکەشی (گڵەسەر)ێکی زۆری تێدایە، ئەو کەلوپەلانە بۆ هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان دەچوو، ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێوە دەکرا. دەگێڕنەوە جارێکیان لەناو شاری هەولێر کابرایەک کۆمەڵێک سەبیلی لەسەر فەردە (گوش)ەکی لەدەو جادەی دانابوو، دەیفرۆشت، خەڵک دەورەیان لێدابوو، کابرایەکیش دەیویست سەبیلی بکڕی بەناو کەتبوو هەڵگێڕ و وەرگێڕیدەکرد، ئەمەی هەڵدەگرت و ئەوی دادەناوە و بژاری دەکرد، کابرای سەبیل فرۆش پێیدەڵێ کاکە بژارکردنی ناوێ، بژاری مەکە، بەخوای هەمووی هەر سەبیلی کەرکووکە! وەکی یێکن!.

# خالید ئەحمەد پێروانی: لاوک ژیانی داگیر کردووم

**سدیق فەقێیانی**

خالید ئەحمەد پێروانی لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی پێروان سەر بە شاری شنۆی ئێران هاتۆتە دنیا، بە عەشیرەت هەرکییە لە بنەچەوە خەڵکی کوردستانی عێراقە گوندێک لە گوندەکانی دەورووپشتی هاوینە هەواری پیرمام، خالید ئەحمەد بە بنەماڵە هونەرمەندن کە برای هونەرمەند ساڵح ئەحمەد پێروانیە، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکی دابووە، بۆیە خولیای گوتنی لاوک بووە، هەر لە قوتابخانەش مامۆستایەکان زۆریان خۆشویستووەو لاوک و بەستەیان پێدەگوت. لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەم نۆبەرەی لاوکی تۆمار کرد کە لاوکی حەسۆ بوو، چونکە دەنگێکی بە سۆزی هەبوو بۆیە لەلای هاوڕێیەکانی خۆشەویست بوو، لە زۆر بۆنەو ئاهەنگەکان بەشداری کردووە. هونەرمەند خالید ئەحمەد پێروانی هەر لە شاری شنۆ ژیانی هاوسەرێتی پێکدێنێ ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٣ شاری شنۆ جێ دێلێ و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر لە کۆمەڵگای بەستۆڕە دەگیرسێتەوە. کاک خالید، چونکە دەنگو ئاوازێکی خۆشی هەبوو به ستایلێکی تایبەتی خۆی لاوک و بەستەو مقامەکانی بە دەنگە رەسەنەکەی دەچڕێ. تیڤی و رادیۆیەکانی کوردستان کە زانیان هاتۆتە هەولێر، یەکسەر سەردانیان کردو دەنگە رەسەنەکەیان بەر گوێی بینەران و بیسەران خست، زۆر لە کەناڵە ئاسمانییەکانیش داوەتیان کردووەو کەم کەس هەیە گوێبیستی دەنگی ئەم هونەرمەندە نەبووبێت، جگە لە هونەرەکەی تایبەتمەندییەکی هەیە ئەویش زۆر دەمی بە پێکەنین و نوکتەو قسەخۆشەو رقی زۆر لە درۆیە، بۆیە جێگای خۆی لەناو دڵی جەماوەرەکەی کردۆتەوە هەر کەسێک هاوڕێیەتی بکات دەبێ راستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات هەروەک دەڵێت من هونەر بۆ هونەر دەکەم نەک بۆ ناوبانگ و پارە لاوکەکانیشم هەمووی نیشتمانین چوار پارچەی کوردستان دەگرنەوە، تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ قوتابیم پێگەیاندووە لەوانە (مزەفەر هەرکی، تەحسین هەرکی، عارف چۆپان، فازڵ هەرکی، عیمران هەرکی، بێماڵ هەرکی، جەمال هەرکی) بۆیە من ماڵی خۆم وەک



قوتابخانە لێکردووە تا کەلتوورو رەسەنایەتی باب و باپیرانمان لەناو نەچێت لە وەزارەتی رۆشنبیری تەنیا رێز لێنانم هەیە ئەگینا هیچ کلیپێکم بۆ نەکراوە ئاواز و لاوکی تایبەتی خۆشم هەیە خاوەنی (٥) سەر خێزانم.